السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەر مسوڵمانێک لە بەیانیدا سەردانی برایەکی مسوڵمان بکات (کە نەخۆشە)؛ ئەوا حەفتا هەزار فریشتە نزای بۆ دەکەن

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەر مسوڵمانێک لە بەیانیدا سەردانی برایەکی مسوڵمان بکات (کە نەخۆشە)؛ ئەوا حەفتا هەزار فریشتە نزای بۆ دەکەن هەتاوەکو ئێوارەی بەسەردا دێت، وهەر مسوڵمانێک لە ئێوارەدا سەردانی برایەکی مسوڵمان بکات (کە نەخۆشە)؛ ئەوا حەفتا هەزار فریشتە نزای بۆ دەکەن هەتاوەکو بەیانی بەسەردا دێت، وبەشێک لە میوەی پێگەیشتووی پێدەبەخشرێت لە بەهەشتدا».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: هەر مسوڵمانێک سەردانی برایەکی مسوڵمان بکات (کە نەخۆشە) حەفتا هەزار فریشتە داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن ونزای بۆ دەکەن بە شێوەیەکی گشتی، بەهۆی ئەم سەردانیەوە لە میوەی پێگەیشتووی پێدەبەخشرێت لە بەهەشتدا -لە نێو باخی کردنەوەی میوەکانی بەهەشتە-، وفەزڵ وبەخشینەکانی خودا گەلێک زۆرن، وئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی سەردانیکردنی نەخۆش لە هەرکاتێکی ڕۆژ یان شەودا بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6256

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee